# دوو گۆرانی ی فۆلكلۆری

● عبد الله حسين رسول ●

## خەلیل بەگ

گۆرانی‌ی دروێنە (خەلیل بەگ) ئەم گۆرانیە باسی پەلاماری لەشكری عروس (رووس) دەكا ، كە لە پێش شۆرشی ئۆكتۆبەر بەشێكی كوردستانی گرتو شالاوەكە تاشاری رواندز هاتو بووە هۆی كوێلەواری‌و ماڵ وێرانی‌یەكی زۆر . كەتائێستاش شوێن پێ‌ی كاریگەری‌یەكە‌ی هەرماوە .

عەمرو چاوم خەلیل بەگ — هاتەدەر لە ستەمبۆرێ
پیادە بەرێژ دەرۆیین — سواریش دەكەن پێ‌كۆرێ
دۆژمنی كافر واهات — ساواو پیر كەتنە گۆرێ
عورووسی رواندز سۆتاند — خۆش نابم لەوێ تۆرێ

* * *

عەمرو چاوم خەلیل بەگ — هات گەیشتە بەغدایێ
شەیپوور ژەن بۆری لێدا — عەسكەر دەكا سەمایێ
هەرچی عەسكەری چابوو — یەكو بن بەگرێ‌ی دایێ
بن بەگرێ چەكی باشە — عەسكەر پێ‌كا دەعوایێ

* * *

عەمرو چاوم خەلیل بەگ — هات گەیشتە موسرێ
سێ رۆژی ئیسراحەتدا — عەسكەری وەكی گورێ
ئیسلامێ دل فەراح بوو — خوایە نەسرەت بدرێ
خوایە هەرچی كافرە — بەكافری چی‌و بمرێ

* * *

عەمرو چاوم خەلیل بەگ — هات گەیشتە هەولێرێ
عالەمێ دل فەراح بوو — عەسكەر هاتووە بەخێرێ
سوارچاكا خۆ حازر كرد — هاتنەدەر وەكی شێری
پشتو قەوەتن لۆهات — خودا هیممەت بنێری

* * *

عەمرو چاوم خەلیل بەگ — هات كەبیە غەلیفانێ
قوماندارێكی چاك بوو — بنكە‌ی عەسكەری دانێ
هاوارە هەتا گەنگی — كەس نەما لەمەیدانێ
رۆژی چواری‌ی هجووم كرد — گرتی گەروێ بێجانێ

* * *

هەر لەو شەرێ عروسی — كوژرا دۆستێ چل كەزی
شاریان هەموو كاول كرد — هەموو كوژران رواندزی
هەرچی ئاگری تێ‌بەردا — هەرچی بردی بەدزی
خوای كرد دوژمن زوو شكا — گەراوە بەسەركزی

* * *

لە ٣/٣/١٩٨٤ ، بەمەبەستی كۆكردنەوە‌ی فۆلكلۆری نەتەوەكەمان ، بەسەردانێك بۆ گوندی بێخاڵ كە (٢) كیلۆمەترێك لە رەواندزی سەر بەپارێزگای هەولێر دوورە ، رووم كردە ماڵی (حسن برايم عبدالله) كە خوێندكارێكی پۆلی پێنجەمی زانستی‌یە . (برايم عبدالله) ی باوكی كە بە (سید دینۆ)

بەناوبانگە ، هەمانەی فۆلکلۆرو کەشکۆلی گـۆرانیو چیرۆکی فۆلکلۆری بۆ هەلرشتین . منیش بەهاوکاری (حسن) ی کوری توانیمان بریکی باشی لێ تۆمار بکەین .

سەید دینۆ لەساڵی ١٩٤١ لە گوندی (کانیقور) ی سەر بەناحیەی رەواندز لەدایك بووە ، ئێستـاش جوتیـاریکی قسە خۆش بەتـوانایـە ، لەگونـدی بێخاڵ دەژییت جـار بەجـاریك گۆرانیيە فۆلکلۆرییەکان لەدروونەو لەسەر ئاوە تەزیوەکەی بێخاڵ تێکەڵ بەهاژەی تاڤگەکەی دەکات .

**پەراویز ...**

**ئـەوەی شایـانی باسـە : هەروەکـو لەگۆرانیيـەکە دیـارە لەوکـاتەی سـەرەتای شـالاوی سوپـای روسیا دەگـاتە نـاوچەی رواندز . دەوڵەتی عوسمانی سوپایەکی فریاگەری بەسەرکردایەتی قوماندارێکی سەربـازی (خەلیـل بەگ نـاویك لە ئـەستەمبـۆلەوە دەنێرێتە بەغداو لەوێ بارو دۆخ شارەزا دەبێتو بەرێگای موسل )کـەلەوێش درێغی دەکاو سێ رۆژ پشوو دەدات) ئنجا بـەرێگـای هەولێر دێتە ناوچەی خەلیفان بەمەبەستی ئەوە لەگەروی بێجان لەچیای کۆرەك هێرش بباتە سەر روانـدز . وەلەم سەینو بـەینە لەشکری رووس ئەو ناوچەی بەجارێ تووشی ماڵوێـرانیو قاتو قری کردبوو .**

**وە لەهەمان کاتدا شـورشی ئۆکتـۆبەر روسیـای قەیسـەری سەرەوژێرکردو فرمانیدا سوپاکەی بکەرێنەوە . بۆیە هاتنی خەلیل بەگ هیچ سوودێکی نەبوو . بەلام خەلکە ساویلکەو ساکارەکە وایان زانی لەشکری رووس لەترسی خەلیل بەگ هەلات بۆیەگۆرانییان بۆ هەلدا .**

# دینەکەم دینێ

لە خەرەندی خـاریێ مەزن    دیـنـەکـەم    دیـنـێ
دەستی شووشتن تەربوون بازن    =    =
کیژ دەگرین کور نـاخوازن    =    =

لە خەرەندی خـاریێ ژۆری    دیـنـەکـەم    دیـنـێ
دەستی شوشتن تەربوون مۆری    =    =
کیژ دەگریـێن نابنـە حوری    =    =

خـارەرەشـم لێ فێـنکـە    دیـنـەکـەم    دیـنـێ
لێم چـانـدیـە شـەمـامکـە    =    =
چوومە ناویان چەند کـارکە    =    =

ئەروا دەروا چاوم لێت بێ    =    =
بروی چاوم گێسکی پێت بێ    =    =
ئەوەك بەردێ لەسەر رێت بێ    =    =

ئەروا دەروا لەنجەی دەکا    دیـنـەکـەم    دیـنـێ
سەری مەمکی گەمەی دەکا    =    =
گـەنجی دوونێم پیرم دەکـا    =    =

ئەروا دەروا لۆ سەر چاکی    دیـنـەکـەم    دیـنـێ
کچە ئەسحابەی جەمال پاکی    =    =
مـاچەکێم دێ کـەسی کاکی    =    =

ئـەروا دەروا لەبۆ بـاغی    دیـنـەکـەم    دیـنـێ
کەزی لە ملان بـوینە ئـاغی    =    =
ماچەکێم دێ بـە قاچـاغی    =    =

زوڵفی سـەری داو بە داوە    دیـنـەکـەم    دیـنـێ
نیوەی کشتەو نیـوەی خاوە    =    =
لەبەر مەکران بای نـەداوە    =    =

* * *

تێبینی : -

ئەم گۆرانییە لە لایەندوو گۆرانی بێژی فۆلکلۆری « بە دوو قۆلی » ووتراوە کە (نـەسرەددین عـەبدوللا) و (سەتار کەریم) ن خەلکی گوندی (گەرەوان) ی سەر بـە قەزای رواندز ، کە تەمەنیان لە دەوری (٣٠) ساڵە وە لە رۆژی دوو شەممەی ١٩٨٤/٣/١٩ لە هەمان گووند بـە هاوکاری خوێنکار (یوسف خضر صوفی عولا) کە خـەلکی هەمان گوندەو پۆلی شەشەمی ویژەییيە تۆمارمان کرد . وا بێ دەسکاری بۆتانم نارد .